# نەخۆشی ی ملەخڕێ «گوێ ڕەپە»

دکتۆر
برهان حسن

ئەو نەخۆشیە بە هۆی (ڤایرۆسەوە) تووشی مرۆڤ دەبێت‌و بە شێوەیەکی خێرا بلاو دەبێتەوەو هەموو لەش دەگرێتەوە ، بە زۆریش دەبێتە هۆی گەورەبوون‌و ئازاردانی لیکە گلاندەکان بە تایبەتی (گلاندی پایرۆتید) .

**هۆیەکانی :**

نەخۆشیەکە بلاو دەبێتەوەو دەگوێزرێتەوە لە نەخۆشەوە بۆ یەکێکی لەش ساغ بە هۆی تف کردن یان بە هۆی بەکارهێنانی شتومەکی نەخۆش کە لیکاوی نەخۆشەکەیان پێوەیە ، بە هۆی جۆرە ڤایرۆسێکە پی‌ی دەڵێن (پارامیکسۆ ڤایرۆس Paramyxo Virus) بە زۆریش لە ڕێگەی دەمەوە ڤایروسەکە وەردەگیرێت ، لەوانەیە ڤایرۆسەکە بۆ ماوەی (١-٦) ڕۆژ بژیت لە لیکە گلاندەکاندا پێش گەورە بوونیان . لە نەخۆشدا ڤایرۆسەکە دەتوانرێت جیابکرێتەوە لە میزو خوێن‌و شلەی مێشك‌دا (ئەگەر کۆ ئەندامی مێشك‌و دەمارەکان تووش بێت) . ئەم نەخۆشیە بلاو دەبێتەوە بە شێوەیەکی دەوری‌و لە ناکاو تووشی بەشێکی زۆر لە منالان دەبێت بە تایبەتی لە شوێنە قەڵەبالغەکاندا (Epidemic) .

ئەم نەخۆشیە بە زۆری بلاو دەبێتەوە لە زستان‌و لە سەرەتای وەرزی بەهاردا ، نەخۆشیەکە لەوانەیە تووشی هەموو مرۆڤێك بێت لە هەموو تەمەنێکدا بەلام بەزۆری تووشی ئەو کەسانە دەبێت کە تەمەنیان لە نێوان (٥-١٥) ساڵ دایە نەخۆشیەکە زۆر کەم تووشی ئەو منالانە دەبێت کە تەمەنیان لە (٢ ساڵ) کەمترە ، وەهەروەها تووشی ئەو منالانە نابێت کە تەمەنیان کەمترە لە (١ ساڵ) بەهۆی وەرگرتنی (بەرگری‌بەوە Immunity) لە دایکیانەوە ، کە جارێك تووشی ئەم نەخۆشیە

ببيت ئيتر بۆ هەميشەيى بەرگرى (مناعه) وەردەگرى‌و جارێكى تر تووشى ئەم نەخۆشيە نابيت .

**نيشانەكانى نەخۆشى :**

كە نەخۆش ڤايرۆسەكە وەردەگرێت بۆ ماوەى (١٤-٢٨) رۆژ نيشانەكانى دەردەكەوێت لە هەست‌كردن بە لەرزين‌و سەرئێشەو لاواز بوون‌و حەزنەكردن بە خواردن وەبەرز بوونەوەى پلەى گەرمايى لەش (تا) . (تا)يەكە نامێنيت لە پێش (١٢-٢٤) سەعات لە گەورەبوونى ليكە گلاندەكان ، ئێش‌و ئازار لە كاتى جووين‌و قووت دانى خواردەمەنى بە تايبەتى قووت دانى شتى ترش ، هەست كردن بە گرانيەك ولەسەر گۆشەى شەويلاكى لاى تووش بوو يان هەردوولا شەويلاك پلەى گەرمايى لەش بەرزدەبێتەوە بۆ ٣٩-٤٠ پلەى سەدى ئاوسان‌و گەورە بوونى ليكە گلاندەكان لە رۆژى دووەمى نەخۆشى‌دا دەگاتە گەورەترين شێوەى كە ژێر گوێچكەو پێش گوێچكە دەگرێتەوە بەزۆرى‌و لە زۆربەى نەخۆشەكاندا هەردوو لاى روومەت دەگرێتەوەو دەئاوسێت‌و پێستەى سەر ليكە گلاندەكان تووند دەبێت‌و بريقە دەداتەوە وەئەگەر دەست بدەيتە ليكە گلاندەكان ژان دەكات .

**-(مضاعفات)ى نەخۆشيەكە : Complications :**

(١) هەو كردنى گونەكان Orchitis :-

نزيكەى ٢٠٪ ى ئەو نەخۆشانەى كە لە دواى تەمەنى (١٨ ساڵيدا) تووشى نەخۆشى دەبن ، تووشى ئێش‌و ئازارى كيسى گون‌و بچووك بوونەوەى گون‌و بەرەو نەمان‌چوون ، لەوانەشە بێتە هۆى نەزۆكى لە پياودا ئەگەر هەر دوولا گونى (جووتەگونى) تووشى نەخۆشيەكە ببێت ، تووشى هێلكەدانى ژنانيش دەبێت بەڵام بە رێژەيەكى كەمتر وەهەروەها ئازاريشى كەمترە .

(٢) تووش بوونى كۆ ئەندامى مێشك‌و دەمارەكان Meningo encephalitis :-



رێژەى ٥-١٠٪ نەخۆشەكان لەوانەيە تووشى ببن ، تووشى سەرئێشەيەكى زۆر تووند دەبێت ، مل رەق‌بوون ، گەشكە گرتن (الصرع)و لەخۆچوون . . . لەوانەشە بێتە هۆى (كەر) بوون‌و . . . زۆر لە نەخۆشيەكانى مێشك .

(٣) هە و كردنى گلاندى پەنكرياس : Pancreatitis :

لە كۆتايى هەفتەى يەكەمى نەخۆشى‌دا رێژەيەكى زۆر كەم لە نەخۆشەكان تووشى هێڵنج لێ‌هاتن‌و رشانەوە دەبن لەگەڵ سك ئێشەيەكى زۆر تووند كە بەزۆرى لە (سەر دڵ‌دا دەبێت Epigastoiam كە نيشانەكانى تووش بوونى پەنكرياسە ، وەئەمەش لە هەفتەى دووەم‌دا نامێنێت‌و نەخۆشەكە بە تەواوى چاك دەبێتەوە .

(٤) نەخۆشيەكە تووشى زۆربەى ئەندامەكانى لەشى مرۆڤ دێت بەڵام بەرێژەيەكى زۆر زۆر كەم وەك (پرۆستات‌و گورچيلەكان‌و دڵ‌و مەمك‌و جومگەكان‌و . . . تاد) .

**خۆ پاراستن لە ملەخڕێ Prophylaxis :-**

بۆ خۆپاراستن‌و پاراستنی منالّەکانمان لە تووش بوونی ئەم نەخۆشیە

(١) - پێویستە ئەو منالاّنەی کە تووشی ئەم نەخۆشیە بوون جیابکرێنەوە لە شوێنێکدا وەك (نەخۆشخانەی حمیات) یان لە شوێنێکی تایەتی کە تێکەلّ نەبێت لەگەلّ خەلّکی تر تاوەکو ئەستوورانی‌و گەورەبوونی لیکە گلاّندەکان دەنیشێتەوەو نامێنێت. لەبەر ئەوەی نەخۆشیەکە بلاّو دەبێتەوە لە نەخۆشەوە بۆ یەکێکی لەش ساغ بەهۆی بەیەکەوە ژیان‌و بەکارهێنانی کەل‌و پەلی یەکتر.

(٢) - بۆ پاراستنی منالّەکانمان لەم نەخۆشیە بەشێکی زۆر گرنگ ئەوە کوتانی منالّەکانمانە بە لقاحی MMR بۆ یەك جار لە دوای تەمەنی (یەك سالّیدا) کە ئەم لقاحە لە هەموو نەخۆشخانەکانی شارەکان‌و قەزاو ناحیەکاندا هەیە. کە منالّەکانمان دەپارێزێت لە تووش بوون بە ملەخڕێ.

**چارەسەر کردنی ملەخڕێ : Treatment :-**

چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیە کە تووشی منالّەکانمان بوو ئەوا تەنها چارەسەرکردنی نیشانەکانی نەخۆشیەکەیە، چونکە تاکو ئێستا چارەسەرێکی تەواو نیە بۆ ئەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی ڤایرۆسەوە تووشی مرۆڤ دێت. جا بۆ سەرئێشەو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمایی لەش (حەبی أسبرین)ی پێ دەدرێت وەبۆ حەسانەوەو خەوتن (دەرمانی Phenobarbiton)ی پێ دەدرێت وەدەبێت لەناو جێگادابێت تاوەکو (تایەکەی) نامێنێت وە هەروەها بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئەندامانەی کە تووش دەبن ئەوا بەهۆی چارەسەرکردنی نیشانەکانی نەخۆشیەکەن.

**سەرچاوەکان :**

1– THE MERC MANUAL
2– DAVIDSON..

# پانکریاس

## PANCREAS

**د. عبدالرحمن عبدالله**

یەکێکە لە ئەندامە گرنگەکانی هەناو، پانکریاس لوویەکە لەخانەی وەکو هێشوەترێ پێکهاتووە، زۆر لە لووەکانی لیك‌دەچێت SALIVERY GLANDS - بەلاّم لەم لووانە خشترەو سفت‌نیە. لوویەکی درێژکۆلّەی پانکەلّەیە، لە ١٢-١٥سم درێژە، بەشی لای‌راستی پانەو پی‌ی ئەلّێن سەر، ئەم سەرە بەملێکی زۆر کورت بەلەشەکەوە نووساوە، هەتا بەرەو چەپ درێژبێتەوە باریکتر ئەبێتەوە، کۆتایی‌یەکەی پی‌ی ئەلّێن‌کلك TAIL.

پانکریاس لەراستەوە بۆ چەپ ئەکشێت‌و نەختێ بەرەو ژوور ئەبێتەوە، پالّی‌داوە بە دیواری پشتەوەی ناوزگ لە سەرو ناوەڕاست‌و چەپی هەناوەوە (ناوزگ).

سەری پانکریاس کەوتۆتە ئەو کەوانەیەی ریخۆلّەی دوانزە گرێ دروستی ئەکا، لوولەی زراو بەرەو دوانزە گرێ لە پشت سەری پانکریاسەوە بەرەو خوار ئەبێتەوە، رووی دەرەوەی سەری پانکریاس لەراستی ملیەوە خۆی‌ئەدا لە کۆلّۆن (ریخۆلّە ئەستوورە)، لەژێریشەوە خۆی‌ئەدا لەریخۆلە باریکە.

ملی پانکریاس نزیکەی دوو سەنتیم درێژە، بەشەختوولی بۆ سەرەوەو چەپ درێژ ئەبێتەوە هەتا بەلەشی پانکریاسەوە ئەنووسێت. لەشی پانکریاس سی‌ڕووی هەیە، پشتەوەو ژێرەوە. رووی پێشەوەی خۆی لە سوورە شادەمار